# فیدێڕالیزم ؛ دەرمانێکی ئێکسپایەر !!

د. ئەحمەد میراودەلی

Mirawdaly@hotmail.com

لەگەڵ ئەوەشدا کە سیستێمی فیدێڕاڵ زێدە لە دووهەزاران ساڵ لەمەوبەر ناسراوە و ڕەچاوکراوە لە لایەن داینەستی ئەخامەشی ئێران و داینەستی "کین" لەچین و، لەو سەردەمە کۆنەدا، ساتراپەکان لە زۆر ڕووە وە سەربەخۆبوون و هەر ساتراپێک شای خۆی هەبووە، لەبەر ئەوەشە کە نازناوی شاهانشایان داهێناوە کە مانای شای شایان دەبەخشێ. لێ:

- جۆهانێس ئالتوسیوس، وەک باوکی بیری فیدێڕالیزمی مۆدێرن ناسراوە. لە Johannes Althusius سەردەمی خۆیدا، جۆهانێس (1557-1630) ، داکۆکی لەسەر ئۆتۆنۆمی ئەو شارەی تێدایدا ژیاوە" ئێمدین،" دژی هەردوو دەسەڵاتی لۆردی لۆسەری ناوچەکە و ئیمپراتۆری کاتۆلیکی وڵاتەکە کردووە.

جۆهانێس، یەکەم کەس بووە بە، فەلسەفەیەکی دوور لە سێکت و ئاین، بەرەنگاری ڕامیاری سەردەمی خۆی بۆتەوە، ڕامیارییەک کە دژێ مافی بڵاوکردنەوەی بڕوای ئاینیش بووە لەو سەردەمەدا کە، ئاین باڵادە ستیش بووە.

: "لودۆڵف هوگۆ" ش ( 1630-1704) یەکەم کەسی لایەنگیری کۆنفیدێڕاڵی بوو، ئەو لەو Ludolph Hugo بڕوایەدا بووە کە، لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانە، کۆنفیدێڕاڵی وەک سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، سێنتراڵیزم ناهێڵێ، لەبەر ئەوەی دەسەڵات لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکاندا دابەش دەبێ.

دوابەدوای، جۆهانێس و لودۆڵف، ڕستەیەکی زۆر لە بیریاران، لەسەر فیدێڕالیزم و کۆنفیدێڕالیزم دوواون. بۆ نموونە "جان جاک ڕوسۆ" مەرجی تایبەتی بۆ دارشتووە و "جۆن ستیوارت میل" پێشنیاری ئەوەی کردووە کە [ (بەشەکانی مرۆڤ کە لەژێر یەک ڕژێمدا ناژین و شەڕو شۆڕ لەنێوانیاندا هەیە، یەکگرتنیان لە ژێر باڵی ڕژێمێکی سەرەکیدا، شەڕی نێوانیان دووردەخاتەوە. ]

وەک ئاشکرایە دەتوانین دوو جۆرە فیدێڕالیزم دەستنیشان بکەین، لە جیهانی ئەوڕۆدا.

یەکەمیان: پێکەوە لکاندنی دوو یا زیاتر لە دوو وڵاتی سەربەخۆیە، لە هەندێ بواری تایبەتی دا کە هەندێ جار زۆرەملێشی تێدا بەدی دەکرێ، لێ زوربەی کات دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دانێشتوانی وڵاتەکانە کە لەدوای ڕاپرسێکی گشتی"ڕیفەراندۆم" ئەنجام دەدرێ و، خۆلکاندنەکە بۆ وەدیهێنانی هەندێک بەرژەوەندی هەموو لایەکانە کە، بێ ئەو یەکگرتنە وەدی نایەت. وەک ئاسایشی نەتەوەیی و بوژانەوەی ئابووری....هتد. ئەم جۆرە "فیدێڕالیزم"ە بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە زۆرینە، نەتوانێ خۆی بەسەر کەمایەتییەکاندا بسەپێنێ و وڵاتەکان، هەندێک دەسەڵات بۆ ڕژێمی سێنتراڵ، ڕەت دەکەنەوە. نموونەش بۆ ئەوجۆرە فیدێڕاڵییە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سویسرا و ئاوستراڵیا یە ئەمەش لەڕاستیدا بە کۆنفیدێڕالیزم ناسراوە.

دووهەمیان: فیدێڕالیزمێکە کە لەناو پێکهاتەی یەک وڵات دا دێتە کایەوە. لەم جۆرە فیدێڕالیزمەدا دەسەڵاتی سێنتراڵ، وەک بەرگرییەک لە پارچە پارچەبوون و لێکترازانی وڵاتەکە، هەندێک ماف لەبوارەکانی ئابووری و کولتووری و زمان دا دەداتە دەسەڵاتی ساتراپەکان"پرۆڤینسەکان" و، لەم جۆرە فیدێڕالیزمە لەنگەدا "ناهاوتا"، زۆربەی کار و دەسەڵات لە دەستی زۆرینەی وڵات و ڕژێمی سێنتراڵدا دەمێنێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە فیدێڕالیزمەش وڵاتانی، کەنەدا، ئیسپانیا، بەلچیک و هیندستانە.

ئەگەر فێدێڕالیزمی هیندستان بخەینە پشت گوێ کە وەک ئاگادارین، هەمیشە شەڕو پێکدادانە لەنێوان، سیک و هیندەکاندا لە لایەک و، لە لایەکی دیکەشەوە، سیک و ئیسلام و هیندۆز، ڕۆژانە شوێنە پیرۆزەکانی یەکدی وێران دەکەن.

واز لە شۆڕشی باسکەکانی ئیسپانیاش بهێنین کە چەندین ساڵە بەردەوامە، ئەوا وەک بەڕووکەشدا دیارە، کەنەدا باشترین و تەباترین وڵاتی فێدێڕاڵە !!. لێ کورد گوتەنی دەنگی دەهۆڵ لەدوورەوە خۆشە.

لەم وتارەدا بەکورتی گرفتی پرۆڤینسی کیوبێک لە فێدێڕالیزمی کەنەدادا دەخەمە پێش چاو، وەک نموونەیەک کە، ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین کە، ئاستی ئاوەز و هزری گەلانی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان، بگاتە ئاستی هزر و ئاوەزی دانیشتوانی باکووری ئەمەریکاش، هێشتان پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ عارەب و تورک و فارس دا، لەڕژێمێکی فێدێڕاڵ دا مەحاڵە.

## مێژوویەکی کورتی کۆلۆنێلیزەکردنی کوێبێک؛

ماسی گرە نۆرسی و باسکەکان یەکەم کەسانی ئەوروپایی بوون پێیان ناوەتە ئەو ناوچەی کە ئێستا ناسراوە بە"کوێبێک".

دوای دۆزینەوەی ناوچەکە، لەسەر فەرمی پادشای فەڕەنسی "فڕانسوا"ی یەکەم، ژاک کارتیێر لە ساڵی 1534 دا لە کوێبێک دابەزی، بۆ پێگە خۆشکردن. دوای ئەوەی کارتیێر وەڵامی نارد کە ناوچەیەکی گەورەی دابین کردووە بۆ فەڕەنسا و ناونرا "نیو فڕانس"، لەوێ بەدواوە ڕۆژانە کۆچی ئەوروپایی یەکان بەتایبەتی لە فەرەنساوە بۆ ناوچەکە لەزیادبووندا بوو.

لە ساڵی 1608 دا "ساموێڵ دی شامپلێن" لە باشووری ڕوباری کە ئێستا ناسراوە بە " سانت لۆڕانس" لە شوێنێکدا کە هیندیی یەکانی دانیشتوی ناوچەکە بە " کابێک" ناویانبردووە، پێگەیەکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دامەزراند، کە دواتر بوو بەشاری "کوێبێک"و ئێستا پێتەختی پرۆڤینسەکەیە و هەر بە کوێبێک ناودەبرێ.

لەساڵی1642 دا " پاوڵ شۆمێدی" لەگەڵ گروپێکی کۆچکەرانی فەڕەنسی لە شوێنێکدا جێگیر بوون کە ئێستا بە" ئۆڵد مۆنتریاڵ" بە واتای مۆنتریاڵی کۆن، ناودەبرێ. لە دوانیوەی سەدەی 18 دا، مۆنتریاڵ ببوە شارێکی گەورەو ناسراو.

لە سەردەمی جەنگی نێوان ئینگلیز و فەڕەنساییەکان دا لە مانگی سێبتەمبەری ساڵی 1759 لەشکری بەریتانی گەمارۆی شاری کوێبێکی دا و لە ئەنجامدا سەرلەشکری هەردوولا لە شەڕەکەدا کوژران و، ئایندەی 'نیو فڕانس" گۆڕا. چوارساڵان دوای شەڕەکە، لە پەیماننامەی پاریس دا، مەلیکی فەڕەنسا، خاوەنێتی هەموو خاکی کەنەداو دانیشتوانی بۆ مەلیکی بەریتانی ئیمزا کرد.

گواستنەوەی دەسەڵات لە فەڕەنساوە بۆ دەستی ئینگلیزەکان، شەپۆلێکی گەورەی کۆچکەرانی بەریتانی لە ئینگلیز و سکۆتلاندی و ئیرلاندی بەدوادا هات و. بە سەرانسەری هەموو کەنەدای ئێستادا بڵاوبوونەوە.

لە "کۆنستیتوشن"ێک کەلەلایەن بەریتانیاوە بۆ کەنەدا ساڵی 1791 داڕێژراوە، تەنها دوو پرۆڤینس ناوبراوە، یەکەمیان "ئەپەر کەنەدا" بە مانای سەرووی کەنەدا کە پرۆڤینسی ئۆنتاریۆی ئێستا دەگرێتەوە و بەزۆری ئینگلیز زمان بوون و پرۆڤینسی دووهەم بە " لەوەر کەنەدا" بە واتای خوارووی کەنەدا ناوبراوە و کە ناوچەی" کوێبێک"ی ئێستایە و پێتەختەکەشی هەر شاری کوێبێکی ئێستا بووە.

ئەم دوو پرۆڤینسە پێکەوە نەبەسترابوون، هەریەکەو ڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەرێکی پادشای بەریتانییەوە بەڕێوە چوون کە بە" گۆڤەرنەر" ناوبراوە.

لێ زۆری نەبرد خەڵکی کیوبێک کەوتنە یاخیبوون و داوای سەربەخۆیی کە، بە لەشکرکێشییەکی گەورە کە چوارساڵی خایاند و لەساڵی 1841 دا کۆتایی هات سوپای بەریتانی توانی شۆڕشی وڵات پەروەرانی کیوبێک سەرکوت بکات.

لەساڵی 1867دا شاژنی بەریتانیا"ڤیکتۆریا"، بڕیاری فیدڕالی کەنەدای پەسەند کرد کە پێکهاتبێ لە، پرۆڤینسەکانی، کویبێک، ئۆنتاریۆ، نیوبرنزویک و نۆڤاسکۆشیا. دواتر، دوای جێنشین بوون لە ڕۆژئاوای کەنەدا دا، ژمارەی پرۆڤینسەکان زیادی کرد، ئێستا کەنەدا بریتییە لە دە پرۆڤینس و هەروەها دوو "تێریتۆری"ی بەواتای دوو ناوچەی ئۆتۆنۆم.

بەپێی یاسای کەنەدی هەڵبژاردن چوار ساڵانەیە، بەواتای هەموو چوارساڵان جارێک لەسەر ئاستی پرۆڤینس و ڕژێمی سێنتراڵیش هەڵبژاردن دەکرێتەوە، لێ مەرج نییە هەڵبژاردنەکانی ڕژێمی سێنتراڵ و پرۆڤینسەکان لە هەمان کاتدابێ. لەبەر ئەوەی دوو هەڵبژاردنی جیاوازن.

بەرژەوەندی کەسایەتی بەشێوەیەکی سەرەکی لە سەرانسەری کەنەدادا، کاریگەرە لەسەر هەڵبژاردنەکان، هەندێک کەس دەیانەوێ پارتێکی تایبەت ڕژێمی سێنتراڵ بەرێتە ڕێوە، لە هەمان کاتیشدا نایانەوێ هەمان پارت بەڕێوەبەری ڕژێمی پرۆڤینسەکەیان بێ، جگە لە پرۆڤینسی کیوبێک کە بەرژەوەندی نەتەویی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ.

## گرفتی فیدێڕالیزمی کەنەدا؛

لەسەرەتاوە کویبێک وەک هەموو بەشەکانی کەنەدا ناوچەیەکی کشتوکاڵی بوو، لێ دوای شۆڕشی پیشەسازی و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا شاری مۆنتریاڵ کە بە پاریسی ئەمەریکای باکور ناسراوە، بووە گەورەترین شاری پیشەسازی کەنەدا و پێشوازی لە کۆچکەرانی ئەورووپایی دەکرد.

کەنەدا پێش ئەوەی لە لایەن ئەورووپایی یەکانەوە بدۆزرێتەوە، دانیشتووە"نێتیڤ"ەکانی"هیندی و ئینویت"ەکان بوون کە هەزاران ساڵ لەوەبەر لە ئاسیاوە کۆچیان بۆ کردووە. دانیشتوانی ئێستای کەنەدا جگە لە نێتیڤەکان کەسیان خاوەن خاک نین، هەرگرووپە و لە وڵاتێکەوە پەنای بۆ هێناوە. لێ ئێستاکێ گرفتی هەرە گەورەی فیدێڕالیزمی کەنەدا پرسی سەربەخۆیی فەرەنسییەکانی کیوبێکە کە خۆیان بەخاوەنی پرۆڤینسەکە دەزانن .

لەساڵی 1959دا ڕێگەی دەریایی سانت لۆرانس شاری مۆنتریاڵی بەڕووی جیهاندا کردەوە. دواتریش. پێشانگای نێودەوڵەتی ساڵی1967 لە کیوبێک، ڕوناکی خستە سەر شۆڕشە بێدەنگەکەی ئەو پرۆڤینسە، ئەمە سەردەمێک بوو کە بەسەردەمی بووژانەوەو شانازی بە کولتووری فەرەنسییەوە ناسراوە. ئەمەش بڕیارێک بووە بۆ جێگیرکردنی پێگەی کیوبێک لەناو وڵاتانی مۆدێرن دا.

لەساڵی 1970دا کێشەی دەستەباڵاکردنی زمانی فەرەنسی لە پرۆڤینسی کیوبێک دا چلوورەی بەست و، لەساڵی 1976دا پارتی "کوبێکوا" کە پارتێکی جوێبوونەوە خوازە، دەسەڵاتی لە پرۆڤینسەکەدا گرتە دەست. لە داخوازییەکی سەربەخۆیی دا بە سەرکردایەتی "ڕێنێ لیڤێک" لە ساڵی 1980 دا لە یەکەم ڕێفێرۆندۆم دا، دەنگدەرانی کویبێک، جیابوونەوەیان لە کەنەدا ڕەتکردەوە. لە دووهەم ڕێفەڕاندۆم دا ساڵی 1995 دا دیسانەوە جیابوونەوەی کیوبێک، بەڵام ئەمجارەیان بە حاڵ و نا حاڵ ڕەتکرایەوە.

دوابەدوای ئەو ڕێفەڕاندۆمە ڕژێمی فیدێڕاڵ مەترسی جیابوونەوەی کیوبێکی زۆر بە هەند گرت و، گوایە لەپێناوی یەکێتی وڵاتەکەدا بەندێکی یاسایی یان داڕشت بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی یاسای ڕێفەڕاندۆم، کەدادگای باڵای وڵات بڕیاری لەسەردا. بەندەکەش ئەوەبوو کە پرۆڤینسی کیوبێک بە تەنیا ناتوانێ بڕیاری سەربەخۆیی بدات ئەگەر زۆربەی دانیشتوانی کیوبێکیش دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن!!. بەندەکە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو پرۆڤینسەکانی دیکەی کەنەدا دەبێ ڕایان هەبێ لە شێوەی جیابوونەوەو و بەشداری بکەن لە گفتوگۆدا. هەروەها بەندەکە خاڵێکی تێدایە کە دەڵێ، ڕژێمی سێنتراڵ، پرسیارەکانی ڕێفەڕاندۆم دادەڕێژێ و، لە هەمان کاتیش دا بەندەکە ڕوونی نەکردۆتەوە مەبەست لە زۆربەی دەنگ چییە.

## وەڵامی کیوبێک؛

ڕژێمی کیوبێک زۆر بەزوویی وەڵامی بەندە ڕوونەکەی ڕژێمی سێنتراڵی بە، بەندێک کە ناسراو بە بەندی" 99" دایەوە، لەو بەندەدا، کیوبێک، چەخت لەسەر ئەوە دەکا کە (پرۆڤینسی کیوبێک مافی هەیە بڕیاری چارەنووسی "چارەی خۆنووسین" خۆی بدات و تەنها پرۆڤینسی کیوبێک بۆی هەیە یاسا وپرسیارەکانی ڕیفەڕاندۆمی ئاندە دارێژێ و هەروەها بەندەکە بەڕوونی دەڵێ، یەک دەنگ زیاتر لە 50% ی دەنگەکان بە زۆرینەی ئاشکرا ڕەچاودەکرێ. لە هەمان کاتیشدا دەڵێ سنووری کیوبێک ئاشکرایە و مۆڵەتی دانوساندن لەسەری نییە.

زۆر لە ڕامیارکارانی کەنەدا گەیشتوونە ئەو بڕوایەی کەبەم زووانە کیوبێک جیادەبێتەوە. پرس و ڕا وەرگرتنێکی ئەم زوانەش وادەگەیەنێ لە 54% ی کیوبێکییەکان پشتگیری سەربەخۆیی بکەن. ئەگەر ئەم ڕژێمە فێدێراڵەی ئێستا کە ڕژێمی کەمایەتییە لە پاڕلەمان دا، هەڵوەشێتەوە، ئەوا وابڕوا دەکرێ کە ڕژێمی سێنتراڵی ئایندەی کەنەدا نوێنەری کیوبێکی نابێ لە پاڕلەماندا. لە هەڵبژاردنی داهاتووی کیوبێکی ساڵی 2007 دا وەک تا ئێستا دیارە پارتی جیابوونەوە خواز "بلۆک کیوبێکوا" دەیباتەوە بە سەرکردایەتی کەسایەتییەکی خۆشەویستی دانیشتوانی کیوبێک کە ناوی "دووسێپی" یە. لەوانەیە هەر زۆر بە زووییش دوای هەڵبژاردنەکان، ڕیفەڕاندۆمێکی دی ساز بکرێ و کیوبێک ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ. خەڵکەکەش ئەوە زۆرباش دەزانێ، بۆیە زۆر کارگە و ئۆفیس و بگرە ئەو ئینگلیزانەش کە نایانەوێ ببنە کەمینە بەرامەر فەڕەنسییەکان، کیوبێک بەجێ دەهێڵن. لە ڕاستیدا کیوبێک بەبێدەنگی جیابۆتەوە لێ کەنەداییەکان خۆیانی لێ گێل دەکەن.

کیوبێک بە هۆی سەرچاوەی وزەو دەرامەتە سروشتیەکانییەوە وەک باشووری کوردستان پرۆڤینسێکی دەوڵەمەندە، ئەمە جگە لەوەی کە لە 40% بەرهەمی تەکنەلۆجیای کیوبێک، ئەمەریکا کڕیاریەتی. جا ئەوڕۆ کە فەڕەنسییەکانی ئەو پرۆڤینسە ئاستی دارایی یان بەرزە و مەترسی ئاسایشی نەتەوەیی یان نییە، هەستی ناسیۆنالیزمی لە کەنەدای ئینگلیزی جیایان دەکاتەوە.

هەتا ئێستا، سیستێمێکی فێدێراڵی سەرکەوتوو شک نابەم کە لە سەر بنەمای، مێژوو و کولتوور و جۆگرافی نەتەوەی جیاواز دامەزرابێ و، هەموو نەتەوەکانی نێو فێدێراسیۆنەکە، هاوتابن لەهەموو بوارەکانی، سۆشیالی و ئابووری و ڕامیاریدا. فێدێڕالیزم؛ وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی نەتەویی لە لایەن هەردوو بەرەی سۆشیالیست و سەرمایەدارییەوە، سیستێمێکی پشتگیر لێکراو بوو، لەزووربەی کاتیشدا سەپێنراوە بەسەر لایەنێک یان هەموو لایەنەکان دا و لەیەکەم هەلی ڕێکەوتووشدا لێکترازاوە.

بەهۆی نەمانی شەڕی ساردەوە لەکەش و هەوای پۆلێتیکی ئەوڕۆدا، داواکاری جیابوونەوە و سەربەخۆیی، وەک جاران دەنگێکی ناساز نییە و ناشیرین نایەتە بەرچاوان. بۆ نموونەش، ئەوەتا یەکێتی سۆڤیەت نەما، یوگۆسلاڤیا نەما، چێکوسلۆڤاکیا نەما، ئیست تیمۆر لە ئیندۆنیزیا جیابۆوە...هتد. لەڕاستیدا بەکۆتایی شەڕی سارد فێدێڕالیزم ئێکسپایەر بووە !!

ئەوانەی لە ئاراشدان هەتا ئێستا وەک وڵاتی "کەنەدا" لەگەڵ ئەوەشدا کە وڵاتێکی دیموکراتە، مانەوەی تەنها ئەنجامی فرت و فێڵ و زۆرەملێیە. هەر وەکو لەپێشتردا باسم لێکرد فێدێڕالیزم بەسەر فەڕەنسییەکانی کیوبێک دا سەپێنراوە، ئاخر نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ کە ڕژێمی سێنتراڵی کەنەدا، لەمێژەوە بۆ بەرگری لەجیابوونەوەی کیوبێک، لە هەموو پرۆڤینسێکی دیکە زیاتر کۆچکەرانی نا فەڕەنسی ڕەگەزی بۆ ناردووە. هەربۆیەشە ڕیفەڕاندۆمەکانی پێشوو کورتی هێناوە. ئێستا بەلای کویبێکییەکانەوە ڕژێمی سێنتراڵ بایەخێکی ئەوتۆی نەماوە و خۆیان هەموو بڕیارێکی ڕامیاری دەدەن.

لەو دوو شێوە فیدێڕالیزمەی کە هەیە هەتا ئێستا تەنها شێوە کۆنفیدێڕالیزمەکەی، لە ئەمەریکا و ئاوستڕالیاو بەلچیک سەرکەوتوە. شارەزای کۆنفیدێڕاڵی بەڵچیک نیم، لێ کۆنفیدێڕاڵی ئەمەریکا و ئاوستڕالیا هیچکامیان، کۆنفیدێڕاڵی نێوان نەتەوەی جیاواز نین، و ڕەنگە ئەگەر لەسەر بنەمای نەتەوە بوانایە لەباشترین حاڵدا لەوەی کەنەدا سەرکەوتوتر نەبان.

بەبۆچونی خۆم لەبەر هەردوو هۆی (ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی) کە ئەمڕۆ مەبەستی سەرەکین لەفیدێڕالیزم دا ، سیستێمی فیدێڕالی بۆ کود لە هیچ بەشێکی کوردستاندا لە بەرژەوەندی کورد دا نییە.

یەکەم؛ پرۆڤینسی کوردستان وەک بەشێک لەو وڵاتەی پێوەی لکێندراوە، دەوڵەمەندترین بەشی وڵاتەکەیە، کەوابێ لەبارەی ئابووری یەوە بە سیلبی بۆ دانیشتوانی کوردستان دەگەڕێتەوە.

دووهەم؛ ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کورد، ئەوڕۆ لە پێش هەمووشتێکی دیکەوەیە. لێ ئاسایشی نەتەوەکەمان هەمیشە و هەتا هەنووکەش لەژێر هەڕەشەی عارەب و تورک و فارس دایە. ئاخر ئەوەتا داواکاری فیدێڕاڵی کورد لەباشوری کوردستان دا، لە ئێڕاقێکی داگیرکراو و لەسایەی ڕژمی" گرین زۆن" دا کە دەسەڵاتی عارەب لە چوار کیلۆمەتر چوارگۆشە تێناپەڕێ، لەنێوانی گوللەی سوننە و پاشقولی شیعەدا قەتیس ماوین و ڕۆژانە کاروانێکێ شەهیدان ڕەوانە دەکەین ئیدی فیدێڕالیزم بۆ کورد لە خۆکوشتن بەولاوە دەبێ چ بێ ؟

لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، لە ئەمەریکا دەرمانێکی زۆر ئێکسپایەر بوو بوو، بیریان لە ڕێگەجارەی لەناوبردنی دەکردەوە بێ ئەوەی زیان بە ژینگە بگەیەنێ. سەرۆکی ئەمەریکی سەردەم "ڕۆناڵد ڕێگن" وتبووی، بیفرۆشن بە وڵاتە دواکوتووەکان، خۆ ئەوان هیچ دەرمانێکیان نییە و ئەمەش لە هیچ باشترە!! دوایی تێیان گەیاندبوو کە دەرمانی ئێکسپایەر کوشندەیە و هێچ باشترە لەو دەرمانە .

فیدێڕاڵی لەگەڵ داکیرکاردا ناکرێ و دەرمانێکی ئێکسپایەرە، لێ نەهامەتی لەوەدایە ئێمە بۆخۆمان کڕیاری ئەو دەرمانە ئێکسپایەرەین.

کەنەدا 6/10/2005

تێبینی؛ بۆ نوسینی ئەم وتارە سوود لە مێژووی کەنەدا وەرگیراوە.